مەسرور بارزانی لە ئەمریکا چاوی کەوت بە سەناتەر دەن بەیکن

لە چوارچێوەی سەردانەکەی بە ئەمریکا سەرۆکی هەرێمی کوردستان مسرور بارزانی چاوی بە سەناتەر دەن بەیکن کەوت.

بەگوێرەی راگەیەندراوی نووسینگەی راگەیاندنی سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان" مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە واشنتن، لەگەڵ کۆنگرەسمان دەن بەیکن، هاوسەرۆکی گرووپی پاڵپشتیی کورد لە کۆنگرەسی ئەمەریکا کەبووەوە".

سەرۆکی حکومەت "ڕەز و پێزانینی بە هەوڵ و کارکردنی گرووپی پاڵپشتیی کورد لە کۆنگرەس نیشان دا. هەروەها ئاماژەی بە گرنگیی دابینکردن و ڕەزگرتن لە مافە دەستووریی و قەوارەی هەرێمی کوردستان کرد".

لای خۆیەوە سەناتەر دەن بەیکن جەختی کردەوە "کە ئەو هەمیشە دەنگی کوردستان دەبێت لە ئەمەریکا و هەموو هەوڵێك دەدەن بە پاراستنی ئاسایش و ئارامیی هەرێمی کوردستان".